**_بەشی دووەم_ / چەپکێ لە وتە و پۆستەکانم لە ڕیفەڕاندۆمە و تا ساڵوەگەردی ڕیفەڕاندۆم**

**هەڵۆ بەرزنجەیی**

بەندە، پرۆسە و شێواز و بڕیاری ریفەراندۆم بۆ ئەو هەڵکەوتە تاڵەی کوردی تێخزێندراوە و هەلومەرجی جیهانی سازی داوە، بە یەکێ لە میتۆدە دروستەکانی خەباتی گەیشتنە ئامانجە ڕەواکانمان لەم قۆناغەدا دەزانم. هەر لەم سۆنگەیەشەوە بوو، بەدڵ و کوڵ پێشوازی و داکۆکیم لێکرد و بە ڕووداوێکی بەرزی دەنرخێنم و جێی شانازیی کوردبوونمە. لەو ساتەوەختەدا و پاشتریش لە ڕێگەی هەندێ پۆستەوە، بەشداریی و ئامادەیی خۆمم لەم کارەدا نواندووە. لێرەدا ئەو پۆستانە، پێشکەش بە ئێوەی هێژای دەکەم.

سەرنجێکی لێرەدا شایانی ئاماژە پێدان بێت، ئەوەیە برەک لە پۆستەکان پەیوەستن بە چرکەساتی ڕووداوەکانی کوردستان یاخود هەڵوێستی دەستەوتاقمێکی دیاریکراوە، یانژی بارودۆخی ناوچەیی و جیهانییەوە.

مێژووی ئەو ڕۆژگارەش هێندە کۆن نییە، لەیادەوەری هەمووان دا بە جۆرێک لە جۆرەکان هێشتا دەزرنگێنەوە. جار هەبووە لە ڕۆژێکدا چەند پۆستم بڵاوکردۆتەوە، بۆیەکا بەرواری ڕۆژەکانیشم داناوە، تا ڕیزبەندی ڕووداوەکان بپارێزم. بەداخەوە بۆم نەلوا لە ساڵرۆژی ریفەڕاندۆم دا بڵاویان بکەمەوە.

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠١٩/٣/١

---

بەشی (١ ـ٣)

<u>٢٠١٧/٩/٢٥</u>

ـ لەگەڵ "بەڵێ" بۆ سەربەخۆیی دا،سڵاوی گەرمی خەبات بۆ پێشمەرگە لەیاد نەکەن،تکایە و زۆر تکایە.

ـ بەڵێی سەربەخۆیی،باشترین و بەنرخترین پاداشتە بۆ سارێژکردنی ڕەوانی گیانبەختکردووە نەمرەکانی ڕێی ڕزگاریی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان.

ـ لە گەرمیانی ئەنفالکراوەوە بە قەتار و ئەڵاوەیسییەوە پێشوازی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت. ئەوان وێرانکەر و ئێمە ئاوەدانکەری ژیانین.

ـ بەر لە ٥٦ ساڵ لای دایک و باوکم و پێش لە ٣٩ ساڵ لای پاسۆک و بیروباوەڕی نەتەوەیی فریچکم بە سەربەخۆیی کوردستانەوە گرت. ئێستا بەختەوەرم گرتنەبەری ئەو ڕێبازە .

ـ هاوڕێیان: کەرنەڤاڵ و گۆڤەندی سەربەخۆییە،کەچی من بە قووڵپ گرانم دێت. بنۆڕە چ بارودۆخێکی دەروونی سەیر ئابڵوقەی داوم؟!.

ـ سڵاو لەو برایانەی "گۆڕان" کە دەنگ بە "بەڵێ" بۆ سەربەخۆیی دەدەن، بەس تکایە دەنگی نەخێرتان لە دژی گەندەڵی و نادادپەروەریی با بڵندتر بێت.

ـ سڵاو لە ڕۆڵی کۆسرەت ڕەسوول، د. نەجمەدین و ڕێبوار تاڵەبانی، کە لەدوا چرکەساتەکان دا، شاری کەرکووکیان وەک دڵ بەخشێیەوە بە کوردستان.

ـ نەتەوەکەم،بە هەست و خرۆشێکی بەرز و جلوبەرگی کوردیی و ئاڵای کوردستان و خواردنی برنج و قەیسیی جەژن و بەخشینەوەی شیرینی بۆ سەربەخۆیی دەچێت.

ـ ئەرکەکانی ئایندەی بەردەم کورد، هەروەک ڕابووردووی سەخت دەبێت. بە دەوڵەتبوون پرۆسەیەکی قورس و هەستیارە، دەست لەدەست و هێز لە نەتەوە.

ـ بەرپرسان تکایە: پانۆرامایەکی گەورە وەک شورای چین دروست بکەن و وێنەی تاکە تاکەی  گیانبەختکردووانی کوردستانی پێدا هەڵواسن.

ـ گەر حیزب و ڕێبازێ، تاکەکانی بۆ کوردستان و کوردایەتی پەروەردە نەکات، ئەو ئاکامە بەدەستەوە دەدات، کە ڕێژەی نەخێرەکانی ئیمڕۆ نیشانیان دا.

ـ ئەوانەی بە هەر هۆکارێک دەنگی "بەڵێ"یان نەدا، دەبێ ئەوە بزانن ، ئەوە مومارەسەی مافی دیموکراسی نەبوو، بەڵکوو دژ وەستانەوەی مافی نەتەوەیەک بوو.

۲۰۱۷/۱۰/۲

ـ هەرگیز باوەڕم بەوە نەبووە، ڕۆشنبیری هەلپەرست و حیزب و سەرکردەی هەناسەسوار و ڕاڕا، بتوانن سەرکردایەتی خەباتی رزگاریخوازی بکەن.

ـ بەناوی فشەکردن بە کوردایەتییەوە، سنگی خۆی بۆ ئامەد و قامیشلۆ دەکوتێ،کەچی حەز دەکات داعش هەولێر،داگیر بکات و مەهابادیش نادیدە دەگرێ. پەکووووووو!!.

ـ کە تۆپ و فرۆکەی داگیرکەر بۆمبارانی کوردستانی کرد، ناپرسێ زەرد دەکوژم و سەوز دەبەخشم و مۆر هاوڕێمە و شین بێ لایەنە. ئەو کورد دەکوژێ.

ـ گوایە ڕۆژئاوا و ئەمەریکا داوای دیموکراتیمان لێ دەکەن،کەچی سادەترین بنەمای دیموکراسی دەنگدانی %۹۲ نەتەوەکەمان بوو بۆ سەربەخۆیی،لێمان پەسەند ناکەن.

ـ داگیرکەران هەموو شتێکمان لێ قبووڵ دەکەن،بەس کوردبوون نەبێت.

ـ کورد ساڵانێکە دژی تیرۆریستانی داعش لە جەنگ دایە،کەچی پاداشتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بێدەنگی و فەرامۆشییە، بەرامبەر بە خواستەکانی.

ـ دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، بەرهەمی خەباتی میللەتەکانیان نین، بەڵکو بەچکەی زۆڵەکی ناشەرعی مامە ئینگلیز و فەرەنسا و ڕووسیان.

۲۰۱۷/۱۰/۳

ـ مەخابن بۆ ئەو کەس و لایەنانە گەوجێندراوانەی، گووتاری دژە سەربەخۆیی و دژە دەوڵەت ختووکەی فیزیان دەدات.

ـ چەمک و مانا و گوتار و کرۆکی "کوردبوون" داوای یەکێتی و یەکڕیزیی و تۆکمەییمان  لێ دەکات، مامۆستا و هاوڕێ ئێوە وان لە کوێ؟.

ـ هەر هێز و کەسێک دژی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان بێت، بانگاشەکانی درۆزنانە و دروشمەکانیان چەواشە کارانەن.

ـ هاوڕێ! من باش دەتبینم،خۆت و حیزب و باوەڕەکەت،لەئاست پرسی نەتەوەیی کورد دا، مێشک و دەست و هەگبە بەتاڵن. ئیتر گارە گاری چیتە؟!.

ـ ئیدی کورد لە کایەی مێژوودا گەمە دەکات،بۆیەکا چیدی بەخۆیی و مێژووی پڕ لە شانازییەوە ناگەڕێتەوە بۆ دواوە.

۲۰۱۷/۱۰/۸

ـ نهێنی سەرکەوتنی کورد دەگەڕێتەوە بۆ یەکێتی و تەبایی ریزەکانی،نەک فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای حیزب حیزبێنە.

ـ ئەگەر کورد موعجیزە نەبێت،وا لە میانەی۲۷ سەدەی داگیرکراوی و چەوسانەوەدا، وا ئێستا باسێکی مێژوو و کەرەسەیەکی مۆزەخانە دەبوو.

ـ مەرگی مام جەلال سنوورە دەستکردەکانی سڕییەوە و پرسی نەتەوەی کوردی لە سەرتاسەری کوردستان دا،یەکخستەوە.

ـ ریفەراندۆمی سەربەخۆیی بووە هەڵگری هیوای کورد و هێزەکانی باوەڕی یەکخست. بۆیەکا داگیرکەران هەراسان بوون و بەردەوام پلانگێری دەکەن.

٢٠١٧/١٠/١٣

ـ هەر هێزێک یەکڕیزی کورد ببەزێنێ،یاری بەئاگر دەکات و خۆی بەر لەهەر لایەکی تر دەسووتێنێ و بەر نەفرەتی مێژووش دەکەوێ.

ـ کورد بە یەکڕیزیی سەرکەوتنی دەبێتە شا سەرکەوتن و ژێرکەوتنیشی دەبێتە مەدالیای شەرەفی مێژووی مرۆڤایەتی. کەواتە هەر سەرکەوتووە.

ـ خەباتی بوونە دەوڵەتی کوردستان سەختە و مەرجی سەرکەوتنیشی یەکڕیزیی و حیکمەتی سیاسییە. لەبەرئەوە هەموو ورە و خۆڕاگرییەکی گەورەمان پێویستە.

ـ سڵاو لەو ڕۆڵە بە ڕوومەت و سەربڵندەکانی کەرکوک، ئەوانەی لاشەیان دەکەنە شورای پاراستنی شار و وڵاتەکەیان.

ـ گەر کورد کەرکووک لەدەست بدات، سەربەخۆییەکەی ئیفلیج دەبێت و دەگەڕێتەوە چوارگۆشەی یەکەم.

ـ کەرکووک ڕیفەراندۆمەکەی سەرخست و کەرکوویش سەربەخۆییەکەمان دەپارێزێ و مسۆگەری دەکات.

ـ هەستی ئێرانچێتی هێندە شۆڤینیزمی لێ دەتکێ، پاسدارێک و چەپێکی دژە پاسداری ئێرانی خستۆتە یەک سەنگەریی دژ بە سەربەخۆیی کوردستانەوە.

ـ پێویستە هێزی جەماوەر و ڕۆشنبیران،حیزب و دەسەڵاتی کوردی ناچار بکەن نە پاشەکشە و نەهەڕاجی دەنگ و هەڵوێستی سەربەخۆخوازییان بکەن.

ـ کەش و هەوا و سەرکەوتنی بەرچاوی بەڵێی سەربەخۆیی، نەخێرخوازەکانی کشومات کرد. ئێستا کە دوژمن هەڕەشە دەکات، ئەوانیش دیسان سەرە جوقەیانە.

٢٠١٧/١٠/١٧

ـ مێژووی کورد جاشایەتی و ناپاکی ٣١,٨,١٩٩٦ و١٦,١٠,٢٠١٧ هەرگیز لە بیر ناچێتەوە.

ـ کەرکووفرۆشان جگە لە خۆتان، هەستی کوردبوونی ٦٠ ملیۆن کوردتان بریندار کرد. ڕووتان بۆ هەتا هەتایی ڕەش بێت.

ـ ئەگەر ئەندام و لایەنگریی حیزبەکان هەڵوێست نەنوێنن, بەرامبەر بە کەرکوکفرۆشان, وا دەبێت هەر لە نێو ناپاکی دا تلاوتل بکەین.

ـ ئەوەی کەرکووکی فرۆشت, ناپاکی لە ماڵی خۆیشی دەکات.

ـ ئەیٔ! بڕیاردەران و بکەران و لایەنگرانی ناپاکییەکەی ڕۆژی١٦,١٠,٢٠١٧ ، لەمەوپاش چۆن باس لە ٣١,٨,١٩٩٦ دەکەن !؟.

ـ بێدەنگی لایەنە سیاسییەکان و جەماوەری کوردستان, بەرامبەر بە کوردستان فرۆشان نیشانە و ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ ئێستا و ئایندە.

ـ کەرکووک, کرایە قوربانی چەند تەنکەرێک نەوت و بڕەک فەردە دۆلاری قەرسیلی.

ـ کەرکووکفرۆشان باش بزانن، ئێستاش بە پشتیوانی داگیرکەران کارتان مەیسەر بێت،وا لەدەست نەوەی ئایندە و مێژوو هەرگیز ڕزگارتان نابێت.

ـ مۆری ناپاکی لە نەتەوە و نیشتمان،هەرگیز کاڵ نابێتەوە و هیچ هێزێکیش ناتوانێ بیسڕێتەوە.

ـ سەیرە نیشتمانێک کەسێک یان دووان بتوانێ گەمە بە چارەنووسی بکات؟! ئەی شێرە کوڕ و مامۆستا و فەیلەسوفەکان ئێوە وان لە کوێ؟!.

ـ سەرکەوتن و ژێرکەوتنی بە کۆمەڵمان،دەبووە گەورەتین وانەی مێژوو. مخابن یەکڕیزی تێک درا.

ـ دوای ١٠,١٠,٢٠١٧،وا چاوەڕوانم دەکرد، زۆر ئەندام مەکتەبی سیاسی و پەرلەمان و بەرپرس و سەرۆک و ئەندام واز لە حیزبەکەیان بهێنن.

ـ ئەگەر ئەم تێکشکانەی١٦,١٠,٢٠١٧ وەرچەرخان لە بیر و تێڕوانین و پەیکەرسازی کورد دا دروست نەکات، مانای وایە ئیدی مایەپووچ بەدیار مێژووەوە ژیان دەگووزەرێنین.

ـ وتاری سەرۆکی هەرێم زۆر لاواز و وەڵامدەری کێشە و ڕووداوەکانی ١٦/ ی ئۆکتۆبەر نەبوو.

ـ کورد نەتەوەیەکی زوڵملێکراو و تەنیای ئەم گەردونەیە، ٩٢%ی دڵێ بەڵێ بۆ سەربەخۆیی ، کەچی بە چوار دەوڵەت پەلامار دەدرێ و دنیاش تەماشای دەکات.

ـ بەریتانیا دایکی ئەوروپا و جیهان چونکە دەوڵەتە،BREXIT ی لەیەکێتی ئەوروپا کرد،لێیان قبوڵ کرد. کەچی کورد و کاتالۆنی پەلامار دەدرێن.

ـ تۆ بڵێی ئیسرائیل و ئەمەریکا رازی بن، ئێرانی خاوەن چەکی ناوکی، عێراقیش وەک سووریا و لوبنان و یەمەن بەتەواوی کۆنترۆڵ بکات؟.

ـ داگیرکەرانی کوردستان یەکگرتوویی کوردیان ناوێ، بۆیەکا بەردەوام بایەخ بە لایەکی دەدەن، تا میکانیزمی خۆخۆری لەگەڕ نەکەوێ.

٢٠١٧/١٠/١٨

ـ لەنێو داگیرکەرانی کوردستان دا، ئێران مەترسیدارترینیانە، چونکە بەناوی زڕبرا و دۆستەوە، وەک هەژدیها دەستی خستۆتە ناو جەرگ و هەناوی کوردەوە.

ـ ئێران بە درێژایی بوونی خۆی هەوڵی پاراستنی میکانیزمی کوردکوژی لەنێو پارتە کوردییەکاندا داوە، تا دوا بڕیار و کۆنترۆڵ لای خۆی بێت.

ـ کورد هەزارجاری دیکەش بکەوێ، هەر هەڵدەستێتەوە و ڕۆژێ دێت بە ئاواتەکانی بگات.

ـ هەزاران ناپاکی ناوخۆ و هەڕیشە و گەمارۆی داگیرکەران، ناتوانێ نەتەوەیەک لەناوبەرێ، کە ٢٧١٧ ساڵە بە مەرگ خۆی ژیان دەڕسکێنێ.

ـ کوردبوون و خەبات و قوربانییەکانی بۆ بنەبڕکردنی ناپاکی،لە هەمووان داوای هەڵوێست دەکەن.

ـ نەبوونی سوپایەکی کوردستانی، یەکێکە لە فاکتەرە هەرە کاریگەرەکانی شکستمان.١٦ ی ئۆکتۆبەر بە نموونە.

ـ کەسێک تامی ئازادی چەشتبێ، بەسانایی کۆیلە ناکرێتەوە. بنۆڕە ڕاپەڕینی ئەمرۆی کورد.

ـ لە سێبەری ڕیفەراندۆمی سەربەخۆیی دا، نەتەوەی کورد یەکگرتووترین چرکەساتەکانی ژیانی دوو دەیەی ڕابووردووی خۆی بەسەر برد.

ـ بێ کەرکووک، نابێت کورد بیر لە هیچ دانووساندن و پرۆژەی چارەسەرێک بکاتەوە.

ـ دەبێت ئێستا باری دەروونی پاڵەوانانی کەرکوکفرۆش چۆن بێت؟

ـ حەشدی شەعبی،داعشی شیعەیە بۆ کورد.

ـ سەیرە د. نەجمەدین لەسەر کوردایەتی دەردەپەڕێندرێت و بێ بڕیاری ئەنجومەنی کەرکووک دەیگۆڕن؟

ـ سڵاو لە هاوزمان و هاوخوێنەکانم لە شاری خانەقینی/ حەشدای شەعبی بەزێن.

ـ سڵاو لە گەڕەکی ڕەحیمئاوای بابەگوڕگوڕ کە نایەڵن، ئاڵای کوردستان لەکەرکووک نەوی بێت.

ـ تکایە بەپەلە گرتەیەکی ڤیدیۆیی ڕاپەڕیوەکانی ڕەحیمئاوا و خانەقین بنێرن بۆ کەرکوکفرۆشان.

- بەو هیوایەی ناپاکی ١٦/ ی ئۆکتۆبەر.بۆ هەمیشە، بێتە دوا وانەی هەڵکێشانی ڕەگوڕیشەی ناپاکی و خۆفرۆشی لە کوردستان دا.

- ڕاپەڕینی سەرتاسەریی لە کوردستانی بندەستی حەشدی شەعبیدا، چەخماخەی دایەوە.

٢٠١٧/١٠/١٩

- خەڵکی تێکۆشەر و قوربانیدەری کەرکووکی بابەگوڕگوڕ، بە شکۆ و شایستەوە پێشوازی لە د. نەجمەدینی پارێزگار و دڵسۆزان و ئاوارەکان بکەنەوە.

- جەماوەر پێشمەرگەیە و پێشمەرگەش کراوەتە تەماشاوانی گاڵتەجاڕکە. چ سەیرێکە یاران!.

- سەعدی پیرە: یەکێتی لە پێناوی کەرکووک لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێک کەوتووە، ئەی بۆ کاک کۆسرەت و د.نەجمەدین شەڕیان لەدژی حکومەت کرد؟!.

- کەرکووکفرۆشان بەپشتیوانی داگیرکەران توانیان بە OFFSID گۆڵێک بکەن. ئێستا خۆبەخشەکان بە شانازییەوە لەهێرشدان و گۆڵبارانیان دەکەنەوە.

- هەوڵی داتاشینی هەر حیلەشەرعییەک بۆ ناپاکییەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەکاتە عوزر لە قەباحەت خراپتر.

- گەلۆ کورد لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕیفەڕاندۆمیشی نەکردووە،کەچی هەر دەکوژرێ و لەسێدارە دەدرێ.

- هیچ بەدووری نازانم (ئەبوبکر بەغدادی)لە سوریا و ئێران بێت،وەک زۆربەی سەرکردەکانی دیکەی القاعدە.

٢٠١٧/١٠/٢٠

- هەرچی چەرمی دنیایە بیخەنە سەر ڕووم، هێشتا زات ناکەم، وەک بەرپرسی حیزبەکان درۆ بکەم.

- پێمان دەڵێن: بۆ ئەوەی کەرکووک وەک موسڵ و حەڵەبی لێ نەیەت، دامانە دەست حەشدی شەعبی، سبەینێ دەڵێن: با سلێمانی و هەولێریش وەک کەرکووک لێ بکەین.

٢٠١٧/١٠/٢٢

- بینیم، بە دڵی سارد و گیانی سڕ و باوەڕی لەرزۆکەوە، بەشەلەشەل بەرەو ڕیفەڕاندۆم دەچیت، دڵم کرمێ بوو و ترسیشم لێ نیشت، وتم دەیقەومێنێ.

- خەڵکینە تێناگەم: میللەت و حیزب و بەرپرسەکانی یەکێتی ناوی کەرکوکفرۆشیان هێنا، کەچی ئەوان هێشتا لە کوردستانن و بەرپرسی یەکێتیشن؟!.

- کورد بە گوڵ و عەرەب بە گوللە، پێشوازی لە ئەمەریکا دەکەن، کەچی هەر عەرەب لای ئەوان لەپێشترە. گەر کورد وەک عەرەبی بکردایە، چی دەبوو؟!.

- ٢٠١٧/١٠/٢٣

- ئێران بە حیزبوڵڵا ژیانی سیاسی لە لوبنان ئیفلیج و کۆنترۆڵ کردووە، کوردستانیش لە ڕێی کوردستانفرۆشانەوە لە هەوڵ دایە.

- ڕۆشنبیرانی پایتەختی ڕۆشنبیریی کوا قیرەکانتان!؟، قەڵەمتان شکاوە و شەوەزەنگ بیرتانی داپۆشی، یان هەریەکەتان نرخی حیزبێکتان پێوەیە؟.

- ئێران هەموو خەونەکانی لە باشووردا بۆ نەهاتۆتە دی، بۆ نموونە براکوژی، بۆیەکا دەست لە پلانگێڕی هەڵناگرێ.

- کەرنەڤاڵی سەربەخۆیی و سەرکەوتنە مەزنەکەی بە ٩٢% و مەراسیمی بەخاک سپاردنی مام جەلال شکۆی کوردی سەنگین کرد، خۆفرۆشان هەموویان سڕییەوە.

- یاران چ کارەساتێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییە دەنگ و ڕەنگی لەشکری قەڵەمفرۆشان دژ بە داگیرکەران و خۆفرۆشان نە دێت و نە دیارە.

ـ چ دەقەومێ گەر بێت و گرووپێکی جولەکە، پەلکێشی حیزبولّلا بۆ ناو ئیسرائیل بکەن، یان گرووپێکی فەلەستینی هی ئیسرائیل بۆ غەززا و ڕامەڵلا بکات؟!.

٢٠١٧/١٠/٢٤

ـ نارۆشنبیرمان هەیە بە یەکقوڵی و دووقوڵیش شت دەنووسن بۆ ئەوەی "گەڵاکان"هەمیشە وەک پاداشت بەسەوزی و مفتی بەدەستیان بگات.

ـ ئەگەر خۆت بە بیر ڕۆشن دەزانی، ئەوە شەوەزەنگی نەتەوەکەت داهات، هەر هیچ نەبێ ڕێگا ڕووناککەرەوە، پەلی کوێرێ بگرە و دژی خۆفرۆشێ بوەستەرەوە.

ـ گەر زانین و زانیاری و باوەڕ و ئایدۆلۆژیا و چەک و حیزب و ڕێباز ، خزمەتی کورد و کوردستانی پێ نەکرێ، سەلکێ پیازی ڕزیو ناهێنێ.

ـ کوان ئەو تاریک بیرانەی وەک پاڵەوانی شاشە، بەردەوام خەریکی نائومێدکردنی تاکی کورد و قووڵکردنەوەی قەیران و میکیاجکردنی دەسەڵاتداران بوون؟!.

ـ ئەی گوایە بۆ دڵخۆش نەبین، ئەی گوایە بۆ هەڵنەپەڕین! سەرفرازین، وەک ڕانەمەڕ لەناو گەلەگورگی چاو تەنگا تێربین و وەکو وردەماسی لەناو هەناوی نەهەنگا ئارام بگرین.

ـ لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە باش و جاش، خەباتگێر و نیشتمانفرۆش وا تێک ئاڵاوکراون، بەدروستی لێک جیا ناکرێنەوە.

٢٠١٧/١٠/٢٥

ـ دەرکەوت زۆر کەس پێشمەرگە بووە بۆ حیزب و شۆڕشیشی بۆ حیزب بووە. بۆیەکا ئەوانە ناتوانن بڵێن پێشمەرگە بوون و شۆڕشیان کردووە.

ـ حیزبەکان بۆ کورد و کوردستان و کوردایەتی کەسییان پەروەردە نەکردووە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەموو بازرگانییەکیان کردووە.

ـ ئەو پرۆژەیەی لە١٦ ی ئۆکتۆبەردا پێماندا هەڵپژا،هی چڵکاوەکەی ساڵی ٦٦ بوو.

ـ داگیرکەرانی کوردستان بەتاک و بە کۆ، بەردەوامن لەسەر پلانگێڕی دژی کورد. تاکە چەک و قەڵغانی دەستمان یەکڕیزیی و تەبایی و کوردایەتییە.

ـ داگیرکەران و دنیا دژی ڕیفەراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەرکەوتن، ئەم ڕاستییە دەیسەلمێنێ، ئەو بڕیارە مێژووییە، بەس هی کورد خۆی بووە.

٢٠١٧/١٠/٢٦

ـ شانازیکردن بە تەنیا شارێکی نیشتمانەوە، لە ڕێبازی کوردستانی و بیری کوردایەتی و چەمکی کوردبوون دا جێگە و سەنگ و بەهای نییە.

ـ بەو هیوایەی مێژووی هاوچەرخمان، بە قەڵەم و ویژدانێکی پاک و دڵسۆزەوە بنووسرێتەوە.

ـ نیشتمان لە کۆمەڵێ شار و شارۆچکە و ناوچە و هەرێم و گوند پێک دێت، شار بریتییە لە چەند گەڕەکێک . کەواتە نیشتمان گەورەتر و پیرۆزترە.

٢٠١٧/١٠/٢٨

ـ کورد وەک قوربانییەکی داگیرکاریی و فەرامۆشکراوێکی نێودەوڵەتی، ئەگەر ژیانی لێ تێک بدرێ، ئەوانیش! هەموویان نابێ و ناتوانن بە ئاسوودەیی بژین.

ـ ئەگەر کورد ئەمجارە لە باشووردا شکست بخوا، دەرفەتی خەباتێکی نوێی قورس دەبێت، چونکە چیدی بەغدا و تاران وەک جاران ناکۆک نین، بەڵکو یەکن.

ـ دوو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان بوونە یەک، کەچی پارچەیەکی کوردستان خەریکە بکرێتە دوو پارچە و کە نیوەشی هەر داگیرکراوە.

٢٠١٧/١٠/٣٠

ـ تا١٦ ی ئۆکتۆبەر باوەڕم وابوو حیزبەکان ڕەفتار مافیائاسان، کەچی لەو ڕۆژەدا دەرکەوت مافیای ناو حیزبیش هەیە و دەستبەکار و بڕیاردەریشە.

ـ هەزاران چیرۆک و ڕۆمان بگێڕنەوە و شا وەستای پینەچییان و مکیاجسازان بهێنیتەوە، ناتوانی ڕووی ڕەشی ناپاکییەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر سپی بکەیتەوە.

ـ مەلای عەجەم وەک هەژدیهای حەوت سەر، بەخۆیی و چەندەها پلانی جەهەنەمییەوە شاڵاوی بۆ تێکشکاندنی شکۆی کورد و کوردستان هێناوە. یەکریز بن.

ـ ئەوەی هەوڵی پاساوهێنانەوە بۆ ناپاکییەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەدات،خۆی دەکاتە بەشێک لەتاوانەکە و(خوش امدی)ی لەداگیرکەر دەکات.

ـ سەردەمی سەدام مووچە بە ئیمتیازەوە هەبوو،کەچی شۆڕشمان کرد! و ویستمان لە قەندیلەوە بیرۆخێنین! بۆ؟!.

ـ شەڕی کوردکوژی پشێوی نانەوە و پارچەپارچەکردنی کوردستان و لەناوبردنی تاکە دڵسۆزەکانی و کڕینی جوامێرەکانی...تاد،ئەجێندای مەلای عەجەمن.

ـ هەموو دەرک بەو گوشارانە دەکەین کە ڕووبەڕووی کوردستان بۆتەوە، بەڵام سەروەری لەوەدا بوو بەیەکڕیزی سەرکەوتن یان ژێرکەوتن بنووسینەوە.

ـ ئەگەر لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا لە کەرکووک بەرگری بکرایە، ئێستا کوردستان یەک کڵپە ئاگر و داگیرکەر ریسوا و جیهان ڕوو زەرد و شەرمەزار دەبوون.

ـ بنۆڕە دنیا چەند سۆزانییە بەرامبەر بەنەتەوەی کورد و کاتالانییەکان. دوژمنەکانی ئێمە داگیرکەران و ئەمەریکا و ئەوان ئیسپانیا و ئەورووپا.

٢٠١٧/١٠/٣١

ـ ڕاستگۆیی و هەقپەرستی دوو پرنسین لە ژیانی حیزبایەتی کوردستان دا تابوون، چونکە حیزبەکان دەروێشن، ترسنۆک و بەرژەوەندی پەرستن.

ـ ناپاکەکان بوونەتە خاوەنی زۆر شت، کوردبوونیان دۆڕاندووە. میللەت دڵشکاو وە دەربەدەرە،لێ کوردبوون چەک و سەرمایە و شانازی بوون و هەبوونێتی.

ـ گەر هێزە هاوپەیمانەکان ڕاستگۆ و خاوەن مۆڕاڵ و بە پەرۆشی مرۆڤایەتین، ئێستاش دەتوانن بە بەدیلەکانیان کار بۆ چارەسەری کێشەی کورد بکەن.

ـ ٢٠١٧/١١/٢

ـ ڕاگەیاندنی بلفۆر بەر لە ١٠٠ ساڵ دراوە. تا ئێستا فەلەستینییەکان داوای هەڵوەشانەوەی دەکەن. هەندێ کوردیش داوای تۆخکردنەوەی سایکس پیکۆ دەکەن.

ـ نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەوین: ئیسرائیل بەرامبەر بە عەرەبی یەکنەگرتوو، کوردی دابەشکراو ڕووبەڕووی ٤ داگیرکەری دڕندە وی نامرۆڤ.

ـ لە چڵکاو و ژەهراو بەولاوە، حیزبەکان چ شتێکی تریان نەکردووە بە گەرووی ئەندامەکانیان دا، بۆیەکا زۆرجاران ڕێگای ڕۆشنشییان لێ تاریک بووە.

ـ بەپێی ڕاپرسییەک%١٣ ئیتالییەکان لە وڵاتەکەیان دا ئاسوودەن .کەچی کەسیشیان هەوڵی ڕووخانی دەوڵەتەکەیان نادەن و پەلکێشی دوژمنیش ناکەن.

٢٠١٧/١١/٣

ـ ئەگەر کاتالۆنیا لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ژێر خولگە و هەژموونی ڕووسسیادا بوایە، ئێستا ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا پشتیوانی سەربەخۆییان لێ دەکرد.

٢٠١٧/١١/٥

ـ گەر دوای سەرەداوی ناپاکییەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر بکەوی، پاش مەلای عەجەم، دەگەینە مام ئینگلیز لە داون ستریت/ لەندەن .

ـ ئاغای گەورە "ئینگلیز"دروستکەری عێراقە، بۆیەکا دوای ڕیفەراندۆم ی سەربەخۆیی بۆ پاراستنی دەوڵەتەکەی گاردەکانی سنووری سایکس پیکۆی خستەگەڕ.

٢٠١٧/١١/٩

ـ هەتا کێشەی ڕەوای کورد چارەسەر نەبێ، مەحاڵە ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیریی لەناوچەکەدا، بێتە دی و بەرقەرار بێت.

ـ لە ترسی ئەنفالی حەشد و سوپای عێراق ١٥ هەزار کەس لەدوای ناپاکییەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لە کەرکووک و ناوچەکانی ترەوە ئاوارە بوون.

ـ مادام ژیان و گوزەران لە کورد تێکچووە، وا بە دڵنیاییەوە داگیرکەرانیش ناتوانن ئاسوودە بن.

ـ هیچ دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان بە یاسا و دەستوور ڕەفتاری لەگەڵ کورد دا نەکردووە، هەتا کەی کورد چاوەڕێیە داری زڕ بەری بۆ بگرێ.

ـ بارودۆخی ئێستا بەرهەمی سەرەکی ناپاکییەکە لە ئەقڵی خێڵەکی و حیزب حیزبێنە و سیاسەتی سەقەت و نەزانی و گەندەڵی و هەڵەکردن و نادڵسۆزییشی تێدایە.

ـ نەبوونی حیزبێکی نەتەوەیی و سەرکردایەتییەکی نەتەوەیی و پرۆژەیەکی نەتەوەیی، لە کەماسییە هەرە مەترسیدارەکانی کوردستانە.

ـ دبلۆماسێت و لۆبی کوردی هەر نییە، گەر هەش بێت، هی حیزبەکانە، ئەویش لە جێی نەبوانە.

ـ لە ئایندەدا کورد دەبێ: سەرکردایەتییەکی نەتەوەیی بەدیسپلین ، حیزبی پۆلاینی خاوەن ستراتیژ و لەشکرێکی یەکگرتووی، پشتبەستوو بە نەتەوە و چیاکان پێک بهێنێت.

ـ ئەقڵێتی ناپاکی ١٦ی ئۆکتۆبەر و ئەوانی دیکەش، کتومت وەک ئەوە وایە: کەسێک لە داخ و ڕقی باوکی ، پیاوێکی بێگانە سواری دایکی خۆی بکات.

٢٠١٧/١١/١٧

ـ دەوڵەتی ئێرانی ساڵانە چەندەها ملیارد دۆلار بۆ حیزبولای لوبنان دەنێرێ، کەچی خێوەت و پەتووی پێویست بۆ قوربانییەکانی کرمانشان دابین ناکات.

ـ فارس دەوڵەتی میدیای ڕووخاند، سمکۆی شەهید کرد، پێشەوای لەسێدارە دا، قاسملۆ و سەرەفکەندی تیرۆر کرد،ئەندازیاری چەندین ١٦ی ئۆکتۆبەریشە.

٢٠١٧/١١/٢٠

ـ عێراق دەوڵەتێکە سەرەککۆمارەکەی بووە بە گاڵتەجاڕی خەڵک، جا چاوەڕوانی چی لە دادگاکەی و ئەقڵێتی داگیرکاریی و چ زڕەخەونێکی دیموکراسی دەکەیت!؟.

ـ هەروەک کورد ئەنفال و کیمیابارانی کرد بێو هەزارانی لە سێدارە دابێ، وا دادگای فیدڕاڵی پەیتاپەیتا بڕیار لە دژمان دەردەکات.

ـ ئەو واقیعە کۆمێدییەی دەوڵەتی زۆڵەکی عێراقی تێیدایە، هەر ئەقڵێتی دەسەڵاتدار لێی بەرپرس نییە، بەڵکو ئەوانەیشی کە خەونی پەمەیی تێدا دەبینن.

ـ گەر ئینگلیزی ئاغای گەورە، دەوڵەتی بۆ عەرەب و دروست نەکردایە، وا بەیەک ملیۆن ساڵی تریش لە پەراوێزی خێڵ دەرباز نەدەبوون.

ـ میللەتێکی، عێراقی، سوریایی، لیبیایی، لوبنانی،میسری،جەزائیری،مەغریبی نییە. با هەزار ساڵی تریش دەوڵەت بن، ناتوانن میللەت دروست بکەن.

ـ شانازی بە یەک چرکە بیرکردنەوە و خەبات و دروشمی هیچ کەس و لایەنێکی کوردەوە ناکەم، بۆ وڵاتانی داگیرکەری تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا بێت..

ـ هاوسۆزێ کورد بۆ جولەکە ئۆباڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ موسڵمانی عەرەب و فارس و تورک. ئەوان شەیتانی یەکتر قبوڵ دەکەن و ڕەحمانی کورد ڕەت دەکەنەوە.

بەشی( ٢ـ ٣)

٢٠١٧/١١/١٨

ـ پشێویی و زەبروزەنگی نایاسایی و ناشارستانی هەر کەس بیکات، بە ئاگا و بێ ئاگا، ئاکامەکەی دەڕژێتە خزمەتی ئەستێڵکی داگیرکەرانی کوردستانەوە.

ـ جیاوازییەکانمان چەند گەورە بن، بەشی ئەوە ناکەن لە ناوەڕاستی زەریاکەدا، لەدژی یەکتر کەشتییەکە بشکێنین. دوای گەیشتنە کەنار، دەرفەت زۆر دەبێ.

ـ بەدرێژایی مێژوو ناتەبایی و خۆخۆری هۆکاری سەرەکی شکستەکانمان بووە، دەبا بیگۆڕین .

ـ خەڵکینە ئەرێ دز و گەندەڵ و زاڵمی کۆمەڵایەتی, مەترسییان زۆرە؟! یان داگیرکەر و دوژمن؟!.

ـ لەبەردەم باهۆزی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا،نابێت کوردستان بێتە مەیدانی سەرەکی شەڕی کوردکوژی و ململانێی هەرێمی و جیهانییەکان.

ـ تیپێکی فووتبۆڵ کاتێ یاریزانێکیان بەکارتی سوور دەکرێتە دەرەوەی یاریگا، هاوڕێکانی نەک هەر شوێنەکەی پڕ دەکەنەوە، بەڵکو وا دەکەن گەمەکەش ببەنەوە.

٢٠١٨/١٢/٢٢

ـ میللەتێکی سەیر و سەمەرەین: داعش و حشد پەلامارمان دەدەن، تورکیا بە بۆمباران و ئێران بە سێدارە و عێراق بە خنکاندن و خۆشمان خەریکی خۆکوژین.

ئەردۆغان دەڵێ: ئیسرائیل زوڵم لە فەلەستین دەکات. ئیسرائیل دەڵێ: ئەردۆغان برۆ مافی کورد بدە.

لەهەردوو بەری هاوکێشەکەدا، تورکیا دۆڕاو و شەرمەزارە.

٢٠١٨/١٢/٢٣

ـ هەموو ستەم و زۆرداری مەدرید و نادیموکراسی ئەوروپا، نەیانتوانی ئیرادەی سەربەخۆیی نەتەوەی کاتالانی تێکبشکێنن. سەربەخۆیی پیرۆز بێ لە کاتالان.

٢٠١٨/١٢/٣٠

ـ زەنگی مەلای عەجەم کەوتە لێدان، ئاخر ٣٨ ساڵە دەکوژن و دەبڕن و سێدارە هەڵدەخەن و فیتنە و ئاژاوە دەنێنەوە و وێرانکاری ئەنجام دەدەن.

ـ ڕووخانی مەلای عەجەم واتە ئێران دەچێتە ڕیزی عێراق و سوریاوە. کەواتە چاوەڕیی ناوەندێکی لاواز و حکومەتێکی شلۆق و سیستەمێکی بێسەروبەر بکەن.

ـ دوای ڕووخانی ئێران چاوەڕێ ئەو بەزم و سیناریۆیانە بکەن, کە دێتە بەردەم تورکیا. لێرەدا گرنگ ئەوەیە کورد چەند ئامادەیە و چی دەوێت؟!.

٢٠١٨/١٢/٣١

ـ ڕووخانی ڕژێمی مەلای عەجەم، هاوکات دەبێت لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی تەقەڵەکانی دەوڵەتە دروستکرا و بەزۆر داسەپاوەکەی ئێرانی فارسی دا.

٣,١,٢٠١٨

ـ بۆ ستراتیژی نەتەوەی کورد، ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران زۆر گرنگ و کاریگەرە. لەوەش گرنگتر خەباتکردنە بە یەکگرتوویی لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان دا.

ـ ڕۆژهەڵات بە کوردایەتیکردن لەبری حیزبایەتی, دەستکەوتی گرنگ و داهێنانی گەورە و وەرچەرخانی نوێ لە بزاڤی کوردایەتیدا دەخوڵقێنێ.

ـ گەر ڕۆژهەڵات دەیەوێ بەری خەبات و قوربانی سمکۆ و پێشەوا و ف. سوڵتانی و قاسملۆ و شەرەفکەندی بچنێتەوە، دەبێ یەکگرتوو بێ و کوردایەتی بکات.

ـ لە ڕۆژهەڵات هەر کەسێ دەیەوێ بزانێ کوردایەتی چییە، بچێ وەسێتنامەکەی پێشەوا قازی محەمەد بخوێنێتەوە و وانەی لێوە فێر بێت.

ـ ڕۆژهەڵات هەر ڕۆژی لێ هەڵنایەت، بەڵکو کوردایەتیشی لێ ئاوا نابێت.

ـ تاکە دەرمانی دەردەکان و چەکی خەبات و ڕێگای سەرکەوتن، یەکڕیزی و یەک ئامانجییە بۆ سەربەخۆیی نیشتمان.

ـ با بیرمان جیاواز بێت،ئامانج دەبێ یەک بێت، ڕێگای چوون بۆ کوردستان لە بۆکانەوە یان کرمانشانەوە هەر گەیشتنە بە وڵات.

ـ پارتەکانی ڕۆژهەڵات لەبەردەم چرکەسات و تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی هەستیاردان، بەو هیوایەی ببنە سەرمەشقی کوردایەتی کردن.

٢٠١٨/١/٥

ـ ئێران دەیەوێ لای نەتەوە یەکگرتووەکان گازندەیی لە ئەمەریکا بکات، گوایە ئەو ئەمەریکایە دەست دەخاتە ناو کاروباری وڵاتەکەیەوە. کەچی خۆی دەست دەخاتە ناو کاروباری کوردستان وجیهانەوە.

ـ هەڵپەی دەستە دەستە چوونە بەغدای پارت و لایەنە کوردییەکان، ڕەنگدانەوەی بارودۆخی شێواوی ئێرانە، ئافاتێکی نوێ وا بەڕێوە!.

ـ داگیرکەر بۆ پووچەڵکردنی پرسی نەتەوەیی کورد، نیشتمانفرۆش و دۆڕاوەکانیش بانگ دەکاتە سەر مێز بۆ بەخشینی پاداشت پێیان. بەداخەوە!.

ـ کوردستان ئیسرائیلی دووەمە، یان ئێران شەیتانی بزرگە؟!.

ـ خۆپیشاندانەکانی ئێران هێوریش ببنەوە و داشمرکێندرێنەوە، دیسان وانەیەکی گوێچکبریان داوە و دەدەنە دەسەڵاتی مەلای عەجەم.

٢٠١٨/١/٢١

ـ باوەڕناکەم لە جیهان دا یەک تاکە ویژدان هەبێت، بۆ کوێرەوەرییەکانی کورد بجوڵێ هۆکەشی ئەوەیە کورد بێ دەوڵەتە.

ـ هەتا تورک و فارس و عەرەب کورد بکوژن و کوردستان کاول بکەن، پێویستە نائارامی و بێ مۆڕاڵی بەشي تاڵاوی ژیانی ئەوان بێت.

ـ ئێەران: بەدەستی خۆمان کەرکووکی لێ داگیرکردینەوە و تورکیا: دەیەوێ بەدەستی خۆی عەفرین داگیر بکات. دوو داگیرکەر و دوو ستراتیژ و ڕەفتاری جیاواز.

٢٠١٨/١/٢٣

- توركیا بە دەوڵەت و حکومەت و حیزب و میللەتەوە، بەناوی قورئان و چڵە زەیتونەوە بە بەرچاوی دنیاوە کورد دەکوژێ.چ ستەمێکە!؟.

- ئینگلیز ستەمکار و دایکە مامانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، هاوکاری تاوانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و پشتیوانیکەری هێرشی سەر عەفرینە.

- کورد وەک نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و ئازادیپەروەر لەسەدەی ٢١ دا قڕ دەکرێت بە بەرچاوی مرۆڤایەتییەوە. چ تاوان و شەرمەزارییەکە!!؟؟.

- هەڵگرانی هەرچی یاسا و ڕێسا و بانگاشە و پەیامی ئەرزی و ئاسمانییە،لە ئاست کورد کوشتندا، بێدەنگن. بۆیە هەموویان درۆدەکەن و ناپیرۆزن.

- ئەرێ ئەو بەتەنیا جێهێشتنەی کورد لەسەر شانۆی ژیان و سیاسەت، بەس نییە بۆئەوەی هێز و لایەنە کوردییەکان یەکێتی نەتەوەیی ساز بدەن؟!.

- بۆ کورد "یەکگرتن" دەرمانی دەردەکان،چەکی بەرگری،قەڵغانی خۆپاراستن،ئامرازی سەرکەوتن،بەها و ڕوومەتی کوردبوونیشە.

- چ تاوانێکە لە مزگەوتێکدا نوێژ بکەیت و لە خوا بپاڕێیتەوە و نزا بکەیت، بۆئەوەی سوپای تورک لە کوردکوشتندا سەرکەوتوو بێت.!!

- مێژوو دەڵێ: ڕووسیای پۆتین هەمان ڕووسیای ستالینە. هاوڕەفتارن لە پشتکردنە گەلانی بندەست و بێ دەوڵەت.

- سوریا ساڵانێکە دەکوژێ و ملیۆنانی ئاوارە کردووە، ڕووسیا و ئێران و تورکیا هاوکاری دەکەن. کورد دەیەوێت ئازاد بێت،گەلەکۆمەکێی لێ دەکرێت.

- ئەمە ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون نییە،ئەمە ئۆپەراسیۆنی ناردنەوەی تابووتە بۆ دایکانی تورکیا.

٢٠١٨/١/٢٦

- خۆڕاگری عەفرین سەرکەوتنە بۆ هەموو کورد و شکستی دەبێتە برینێکی تری قووڵی جەستەی کوردایەتی . سڵاو لە کوڕان و کچانی پێشمەرگە و شەڕڤان.

٢٠١٨/١/٢٧

- مادامێکی پ ک ک دەزانێ ناو و دروشمەکانی یاساغن،پێویستە چیتر بڵندیان نەکاتەوە،دەنا هەر کار و چالاکییەک لە ئەورووپا بکرێ،بەزیان دەشکێتەوە.

٢٠١٩/١/٢٨

- ئەوەی کەرکووکی خۆش نەوێ،درۆش لەگەڵ عەفرین دەکات. هاوڕێ بۆیە باوەڕم نییە بە شین و شەپۆڕەکانت.

٢٠١٨/١/٣٠

- کورد بە بەرچاوی دنیاوە قڕ دەکرێت،بۆیە هەموو گۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە فاتیکان و یەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان و جیهانی ئیسلامی و عەرەبی درۆزنن و تاوانبارن.

٢٠١٨/١/٣١

کێشەی کورد لەگەڵ ڕژێمەکان هیچ تاکە کەسێکدا نییە، هێندەی بەردەوام لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادایە.

- کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، بەڕاست و چەپەوە، بە کریست و موڵمانەوە،قەرزاری ئازایەتی و قوربانییەکانی کوردە.

ـ زلهێزەكانی دنیا لە نێوان كورد و داگیركەران دا،قوربانی بە كورد دەدەن و لە نێوان ئەوان و ئیسرائیل دا،قوربانی بەوان دەدەن. با چاك بزانن.

٢٠١٨/٢/٢

ـ فیدراڵی باشوور و كانتۆنی ڕۆژئاوا، بە تەواوی كێماسییەكانیشیانەوە،دیموكراتترن لە سیستەمی بەغدا و دیمەشق و.. ئەی بۆ دنیا پشتیوانییان لێ ناكات؟!.

ـ ئەرێ پ ک ک بەرامبەر بە شاڵاوی دڕندانەی توركیا بۆسەر عەفرین یاریزان و ئاكتۆرە؟ یان تەماشاچی و كۆمبارسە؟!.

٢٠١٨/٢/٩

خۆڕاگری عەفرین شكاندنی لووتی تورك و هاوداگیركەرانێتی و شكۆی شانازی ڕۆڵەكانی نەتەوەی كوردە،لە كەركوك و كرمانشان و ئامەد.

ـ عەفرین ئەو باوەڕ و ئیرادە و خوێن و قوربانییەیە،كە مێژووی سەروەرێتی كوردی پێ دەنووسرێتەوە.

٢٠١٨/٢/٢٤

ئەگەر ڕووسیای پۆتین نەبوایە،لەمێژ بوو سوریای ئەسەد نەمابوو. بۆیەكا ڕووسیا بەرپرسی مێژوویی و مۆڕاڵی ئەو تراژیدیاو قوربانییەیە.

ـ توركیا ژینۆساید لە عەفرین دا ئەنجام دەدات،چونكە كورد بێ دەوڵەتە،جیهان بەتەنگییەوە نایەت.

٢٠١٨/٢/٢٥

ـ قەزافی چارەكێكی ئەو تاوانانەی ئەسەد و خومەینییەكان و ئەتاتوركییەكانی نەكرد،كەچی ڕووخانیان و كوشتیان،لەبەر ئەوەی پیاوی كەسیان نەبوو.

٢٠١٨/٢/٢٨

ـ لە ساڵی هەشتاكان دا، كەسانێك كوژران، بەتاوانی ئەوەی پارەی شۆڕشیان دزیوە!. ئەی ئێستا سزای ئەوانە چی دەبێت كە پارەی میللەت دەدزن؟؟!.

٢٠١٨/٣/٢

ـ حیزب و بەرپرسە نیشتمانفرۆش و دز و گەندەڵ و بێ ویژدان و ناكوردستانییەكان، چیدی ناتوانن بە چنگێ خۆڵ چاوی نەتەوەیەك كوێر بكەن.

ـ ئاڵا ئەسەدی، سروە كەبابچی و... گەر فەلەستینی بوونایە و بۆ ئیسرائیل خۆیان كاندید بكردایە هەڵوێستی میللەت و فتح و حماس بەرامبەریان چی دەبوو؟.

ـ ئەوخۆ هەرزانفرۆشی و نزمبوونەوەی حكومەتی هەرێم و بەرپرسەكانی بۆ عبادی و بەغدا،هێندەی تر شكۆی كوردی دابەزاندووە. سواڵ و خۆسووكردن بەسە.

٢٠١٨/٣/٨

ـ لە ٨ ی ئاداردا، لەگەڵ هەر دیارییەكی گوڵ، ماچ، نامەی دڵداری،هەستی خۆشەویستی و مانا و ئامانجەكانی تردا،چەپكێ سڵاو بۆ كچە شەڕڤانانی كورد.

٢٠١٨/٣/١١

ـ پۆتین بە ناپاكییەكەی لە كورد،ڕووی ستالینی سپی كردەوە،ئەمەریكاش بەبێ هەڵوێستیەكەی شایستەی سەدان جەهەننەمی تری وەك ئەوەی ڤێتنامە.

٢٠١٨/٣/٢١

- کوردبون چارەنووسی بەڵگەنەویستمانە خۆدەربازکردن لێی مەحاڵە. بۆئەوەی لەسایەیدا ئازاد و بەختەوەر بژین، پێویستە بۆی تێبکۆشین و بۆی بژین.

٢٠١٨/٣/١٨

- پێویستە هەموو دەستە و لایەن و ڕۆشنبیران و جەماوەری کورد،سەرکردایەتی سیاسی کورد ناچار بکەن، یەکێتی و کۆنگرەی نەتەوەیی بە پەلە ساز بدەن.

- ناپاکی ١٦ی ئۆکتۆبەر وەک دۆمینۆ کاریگەریی گەورەی لەسەر داگیرکردنی عەفرین لە١٨،٣،٢٠١٨ هەبوو.پلان و تراژیدیای تریش وان بەڕێوە.

- مێژووی ئایندەمان نابێت،٥٨ ڕۆژ بەرخۆدان و قوربانی "عفرین" و زوڵم و زۆرداری بێوەنەی داگیرکەری تورک لە بیر بکات.

- هەقە ٥٨ ڕۆژ، داستانی بەرخۆدان و قوربانی "عەفرین" بەئاوی زێڕ بنووسرێتەوە.

- نەبوونی یەکێتی نەتەوەیی،فاکتێکی ئەزەلی بەهێزی شکستمانە لەسەرتاسەری مێژووی کوردستان دا.

- هێشتا هەر گەشبینم، هاکا عەفرین بووە چاڵی ڕەشی مەرگی کۆتایی ئەردۆغان و هاوکارانی.

- ئەوانەی سوکایەتی بە سیمبۆلەکانی کورد، لە کەرکوک و عەفرین و ئەو زۆڵە کوردانەی لە کوردستان و ئەوروپا کردوویانە و دەیکەن وەک یەکن.

- هەموو جیهان بە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە بەئاسمان و زەوییەوە بە تێورییە توز لێ نیشتووەکانەوە بەقوربانی پێڵاوی منداڵێکی کورد بن.

- ئەگەر لە فلیمێکی سینەمایشدا هێندە کوشتار و ستەم لەدانیشتوانی شاری عفرین بکرێ، من ڕقم لەئەکتەر و ریژیسێر و تەماشاوانەکان دەبێتەوە.

- داگیرکەران و دوژمنان باش بزانن ئاگری نەورۆزی ٢٧١٨/٢٠١٨،بەخوێنی گیانبەختکردوو و قوربانییەکانی خورماتوو و عفرین دادەگیرسێنین.

- ئەی داگیرکەران دوای ملیۆنەها پەلاماری خوێناوی و فڕوفێڵ و پلانگێڕیتان،بەدرێژایی ٢٧١٨ ساڵی بندەستیمان هێشتا نەتانتوانیوە قڕمان بکەن.

- سەلمێندرا تەنها کوردە لەسەدەی ٢١ یشدا بۆ بەها و پرنسیپەکانی مرۆڤایەتی و بەخشندەیی و پێکەوە ژیان و ژیاندۆستی تێدەکۆشێ و قوربانی دەدات.

- لە مێژووی مرۆڤایەتی دا میللەتێک دەرک پێ ناکەین بێ بەرژەوەندی بەدڵ و بە باوەڕ و بەکردەوە، هێندەی کورد عەشقی ژیاندۆستی بێت.

- مێژوو گەواهی/ شاهیدی پەرۆش و دڵسۆزی و ژیاندۆستی کوردە بۆ ژیانێکی دوور لە زەبروزەنگ و ئاشتی و پێکەوە ژیان.

- کورد دەبێت خۆی ئامادەی پلان و هەڕەشەیەکی سێکوچکەی یان چوارکوچکەی داگیرکەرانی کوردستان بکات.

- داگیرکردنی عفرین: لەڕووی سیاسییەوە ریسوایە بۆ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی. لە ڕووی مۆڕاڵییشەوە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەمەریکا.

٢٠١٨/٣/٢٠

نەورۆز جەژنی نەتەوایەتی و سیمبۆلی بوون و بەرخۆدان و سەرکەوتنە. لەخۆشی و ناخۆشی دا هەر پیرۆزی دەکەین.نەورۆزی ٢٧١٨ تان پیرۆز بێت.

- سیاسەت و میدیای ئەڵمان کەوتوونەتە داژایەتی کورد،وەک پاداشتی بۆ تورکیا و خۆدزینەوەیەک لەو بەرپرسیارێتییە مۆڕاڵییەی سەرشانیان بەرامبەرمان .

٢٠١٨/٤/١١

ـ تا ئێستا رووسیا ١٢ جار لە ئەنجوومەنی ئاسایش لەرێگای مافی ڤیتۆوە،رێگری لەلێدانی سووریا کردووە. زەواڵ زاڵم دەپارێزێ.

ـ شەڕخواز نیم، لێ شەڕ مامانی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستە،هەر شەڕێکی نوێش دەبێتە هۆی تێکشکاندنی سنووری دەوڵەتە دەستکردەکانی دەڤەرەکە.

ـ ئەگەر رژێم و دەوڵەتی سووریا بڕوخێن،گفتم داوە،خوانێکی کوردانە ساز بدەم. بەهیوای دارمانیان و منیش پابەندم بەئەنجام دانی داوەتەکەم.

ـ دەڵێن شەڕ باوکی هەموو شتەکانە. دەڵێم دایکی لەشفرۆشی داگیرکەرانی کوردستانیشە.

ـ شەڕ ماڵوێرانی و کارەساتە، بەڵام گەر من تەنیا داگیرکراو و دابەشکراو بم، دەبا خەڵکانی تریش ئەو ژەهرە نۆش بکەن.

ـ هەموو دەزانین حیزبی کوردی بێ بەرنامە و بێ پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستانە. لێگەڕێ با قەزاوقەدەر ڕۆڵی خۆی بگێڕێ.

ـ گەر بێت و لەم گۆڕانکارییانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست چاوەڕوان دەکرێن، کورد دەستکەوتێکی نەبێ بۆ سەدەیەکی تر دەچێتەوەناو قەفەزی بندەستی .

ـ پێش ئەوەی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا مۆمی سەدساڵەی تەمەنیان داگیرسێنن، بەڵکو شەڕێکی نوێ گۆڕیان بۆ هەڵکەنێ.

٢٠١٨/٤/١٥

ـ ئەنفال هیچ نییە جگە لە ئەنفال، واتە داگیرکەرێک بەناوی عروبە و ئیسلامەوە ١٨٢,٠٠٠هەزار کورد دەکوژێ،رادەگوێزێ،دەڤەرێک سوتماک دەکات.

٢٠١٨/٤/٢٢

ـ گەر بێت و دۆزی کورد وەک ویست و داوا و ئامانجی ڕەوای نەتەوەیەک بکەینە کەرەسەی موزایەدەوە، بەسەر یەکتردا، وا مێژوو لێمان خۆش نابێت.

ـ چەند زیان لە کوردبوون بدەیت، هێندە بەری ڕووڕەشی و خۆفرۆشی و دێزەیی دەچنیتەوە.

ـ هەر گەمە و تەڵەکەبازی و عەوامخەڵەتێنییەک بەناوی کوردبونەوە ئەنجام بدەیت،هێندە دەبیتە ریسوا و سەرشۆڕی سەردەم و ڕووڕەشی ناو مێژوو.

ـ ئەوانەی سڵ لە مێژوو دەکەنەوە، بەگیان و هەست و نەستێکی بەرپرسانەوە مامەڵە لەتەک کوردبووندا دەکەن.

ـ تەنیا کوردایەتیکردن مەتەرێزی ئابڕوومەندی و قەڵغانی هەبوون و شمشێری بەهەقی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەی کوردی بندەستە.

ـ گەر کوردبوون کۆکەرەوەی بوونیشمان نەبێت، نابێت بیکەینە مەخسەرەی ململانێی ناپیرۆزی ڕەوەسەگی هار و برسی و دڕی دەروون نەخۆشان.

ـ مێژوو سەلماندوویەتی: هەر ململانێ و کێبەرکێییەک لە ئوسوڵ و چوارچێوەی و پرنسیپی خۆی دەرچێت، دەبێتە گاڵتەجاڕی و دۆڕاوی شەرمهێنەر.

ـ گەر هەر شتێ نرخی خۆی هەبێت وا پێویستە ئەوانەی خۆفرۆشی و ریسوایی بەناوی پرسی کوردەوە دەکەن، باجی تاوان و گوناحیان بدەن.

ـ هەبوونی جیاوازییەکان دیاردەیەکی تەندروستە، لێ ناکۆکییەکان بەزۆر دروستکراون و دوژمنایەتی یەکتریش هێنانەدی خواستی دوژمنانە.

٢٠١٨/٤/٢٣

ـ دەنگدان بۆ بەعێراقیبوون, وەک ئەوە وایە بەپێی خۆت بچیتە بەردەم سێدارە و هەرخۆشت پەتەکە بکەیتە ملی خۆتەوە.

ـ ئەوانەی بۆ خۆفرۆشی سوێیان بۆتەوە و پشتەملیان بۆ کۆیلەیەتی دەخورێ، مەخابن لەم ئانوساتەدا بازاڕیان گەرمتر کراوە.

ـ ئەو هەموو شایی و لۆغانەتان بۆ عێراقیبوونە!! دەک خەجاڵەت ڕووی مەحشەر بن.

ـ ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەشە کوردبوونەکەی لە جەستەی عێراقیبوون ترازاند، ئێوەی دۆڕاو دەتانەوێ جارێکی دیکە، پێکەوەی گرێ بدەنەوە!؟.

ـ هەموو ئاگادارن و مێژووش شاهیدە! خۆمارەکردنەوە لە عێراق بۆ هەڵچنینی کۆشکی کەڵەترێیی، واتە پووچەڵکردنەوەی شۆڕش و بەبادانی دەستکەوتەکانی.

٢٠١٨/٤/٢٤

ـ تا ڕووسیا نەهاتبووە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە، کورد حاڵی باشتر بوو.

ـ بەقوربانیکردنی کوردبوون بۆ ئامانج و دەستکەوت و هەراجی سیاسی، ناپاکی نەتەوەییە.

ـ داگیرکەرچێتی ناپاکییەکە مێژوو هەرگیز لەبیری ناچێتەوە،چونکە هیچ پاساوێک هەڵناگرێ.

ـ خۆگێلکردن لەئاستی کوردبوون دا پەڵەیەکی شەرمەزاری هێندە قورسە،هەرگیز ناسڕێتەوە.

ـ بەخشینەوەی تاوان و هەڵڕشتنی جنێو و یەکتر تاوانبارکردن،گەلێ ئاسانە، بەڵام سەخت و مەحاڵە بتوانی، بەمیللەت بڵێی چی دەکەم و چیم دەوێت.

ـ سەیرو عەنیکەیە! دژایەتی پارتی! عێراقچێتی برەوپێداوە. ئەوانە چ تاوان و گوناهێکی مەزن دەکەن.

ـ گۆشتی یەکتر بخۆن، لێ ئێسقانی یەکتر مەشکێنن، ئاخر داگیرکەرە گەورەکە خۆی بۆ خواردنی هەمووان مەلاس داوە.

ـ جگە لەخزمەتکردن بە داگیرکەرانی کوردستان، تا ئێستا هیچ لە دژایەتیکردنی یەکتری حیزبەکانی باشووری کوردستان تێنەگەیشتووم.

ـ داگیرکەرچێتی ناپاکی نەتەوەییە.

ـ بریا ڕوانیمان بۆ ڕووداو و پێشهات و چارەنووسمان لە ڕوانگەی دروستی کوردبوونەوە بوایە و بێت.

چەند خۆش و گرنگ و پێویستە، ڕوانینمان بۆ کوردبوون بەر لە بنەماڵەچێتی و حیزبایەتییەوە بێت.

ـ کوردبوون زۆر لەوە گەورەتر و پیرۆزترە تۆ بەئارەزووی خۆت فیگۆری لێ دروست بکەیت.

ـ تکایە داگیرکەرچێتی مەکەنە مۆدێل،چونکە ئاکامەکەی هەر مایە پووچییە.

٢٠١٨/٤/٢٧

ـ پێویستە کورد بایکۆتی بەغدا بکات و عێراق هێندەی تر ئیفلیج بکات،کەچی کەرنەڤاڵی هەڵبژاردنی قەفەز و سێدارە و تەعریبی بندەستییە.

ـ هاکا عێراقچییەکانی ٢٠١٨ ڕووی تەها محێدین و مەلاماتۆڕ و سالحی ڕەشە و قاسم ئاغا و عەباس باڵوو تەحسین شاوەیسیان سپی کردۆتەوە.

ـ هەرکەسێ ناپاکی لە نەتەوە و خاکی خۆی بکات،نە حوکمی مێژوو لە کۆڵی دەبێتەوە و نەدوژمنیش متمانەی پێ دەکات.

ـ کورد کەروێشکێکە ڕا دەکات بۆ خۆرزگارکردن لە مردن، ئەوانەی خۆفرۆشن دەبنە تانجی ڕاو،بۆ مەرامی دوژمنان.

ـ ئەی خۆفرۆشانی خاک و نەتەوە نابێت لە بیرتان بچێ، بۆ هەتاهەتایە دەبێ، نەوەکانیشتان باجی ناپاکی ئێوە دەدەن..

٢٠١٨/٥/٣

- هەرکەس و لایەنێک بە تەنیا سەرگەرمی قوڵکردنەوە و ئالۆزکردنی کێشە و ململانێکانی ناو دەروونی کورد بێت،کەڵک و نرخی کاڵەکێکی تەپیوی نییە.

- سەیرە! نەوت تا بۆ کوردستان بوو، منالّی سەر بێشکەش, داوای گرێبەست و شەفافییەتی دەکرد. ئێستا نەوت داگیرکراوە و دەش دزرێ کەچی نقەیەک ناکرێت!.

٢٠١٨/٥/٤

- شەڕی کورد لە بەغدا و دژ بە بەغدا, بەیەکگوتاری و یەکڕیزی و یەک داوا و ئامانجەوە دەبێت و دەکرێ. دەنا هەموو ئەوەی تری ڕەنج بە فیرۆدانە.

- عێراق لە فەیسەڵەوە تا عەبادی هیچی بۆ کورد پێ نەبووە و تێیدا نەبووە،لە ئێستاشدا نە ئەو باوەڕەیان لا دروست دەبێت و نە ئەو خەونە دێتە دی.

٢٠١٨/٥/٥

- سیاسەتی هەندێ حیزبی کوردی بۆ داگیرکەران کتومت لەو سواڵکەرە دەچێ ڕۆژ تا ئێوارە سواڵ دەکات و ئێوارەش پارەکە دەداتە دەوڵەمەندێک.

- خانمە ئەکتەرە میسرییەکان بەگەنجی هەموو شتێک بۆ خۆیان حەڵاڵ دەکەن. کەپیر دەبن دەیانەوێ بە حەج و عەمرە و سەرپۆشێ هەموو حەرامەکان پاک بکەنەوە.

- گەندەڵی گەیشتە ناو ئەکادیمیای خەلاتی نۆبڵ لە سوید،بۆیە ئەمساڵ ٢٠١٨، کەسی بۆ کاندید ناکەن. بڕیارە بەقەرزی ساڵی داهاتووی بسپێرن.

٢٠١٨/٥/٦

- ئەی سوارچاکانی مەیدانی ناکوردایەتی،دڵنیابن هەر لەمێژووی خۆتان دا دەگەوزێن و پێشوەختیش دۆڕاون.

- هەر هەوڵێک بۆ لکاندنەوەی جەستەی کورد بە عێراقی کیمیاباران و " ئەنفال و تعریب و ترحیل"ەوە،جگە لە مایەپووچی ناپاکی نەتەوەییشە.

- مێژوو دەڵێ: مەحاڵە کوردی کوردستان و عەرەبی عەرەبستان پێکەوە بکوڵێن لە مەنجەڵی عێراق دا. کەواتە چیدی خۆتان و میللەت تەفرەمەدەن.

- ئەستێرەی هیوای کورد لە یەکێتی و تەبایی و یەکڕیزیی و کۆدەنگی کورد خۆیەوە هەڵدێت.

- لە جەوهەر و ڕاستیدا پرسی کورد لە ئازادی و سەربەخۆیی دا, سەروو هەموو ئیعتبارێکی تر دەکەوێتەوە. ئەی تۆ خەریکی چیت؟،

- لە شمشێری بەهەقی مێژوو بترسن،چونکە بڕیاری بەزەبری ڕەوای ئەوە ٢٧١٨ ساڵە لێناگەڕێ ناپاک و وخۆفرۆشانی مێژوویان لەبیر بچێتەوە.

- تکایە لە ڕێی خوێنی شەهیدانی کوردستان دا، بەشداری بکەن لە ڕووخاندنی زیندانی عێراق و کوشتنی گیان و پووچەڵکردنەوەی خەونی عێراقچێتی.

- ٢٠١٨/٥/٧

بەناوی شەڕی دەستوورەوە خۆڵ مەکەنە چاومان.عێراق بە سەرۆکایەتی و پەرلەمان و دەستوورەکەیەوە،بارمتەی ڕاگەیاندن و نامە و جوڵەیەکی سیستانییە.

٢٠١٨/٥/٩

- ئێران لە ڕێی حیزبوڵاوە لە لوبنان دەوڵەتی ئیفلیج کردووە و ژیانیشی پەکخستووە.لە عێراق بەبێ حشد و بە حشدیشەوە هەمان ئامانجی هەیە.

٢٠١٨/٥/١٢

ـ بەکارهێنانی زەبروزەنگ نیشانەی پەککەوتنی سیاسەتە.

ـ ئەرێ هێشتا لە ٢٧١٨ ساڵ ژێردەستی، هەزاران شۆڕش و شکستی ملیۆنەها قوربانی و کاولکردنی نیستمانێک فێری وانەی یەکگرتن نەبوون.

٢٠١٨/٧/١

ـ چێشتی بێ خوێ چەند ناخۆشە،فوتدباڵیش بێ ڕۆنالدۆ و مێسی هێندە بێ تامە،هیوادارم بەرازیل و کراواتیا چێژێک لە مۆندیالی ٢٠١٨ تێبهێننەوە.

ـ تاکە گوڵێکیش نەتەوەیەک بەجۆش و خرۆش دێنێ،ئاخر خەڵک بەردەوام تینووی دەستکەوتی زیاتر و سەرکەوتنی گەورەترە.

٢٠١٨/٥/١٠

ـ بۆ یاری ئەمڕۆ ١٠,٧,٢٠١٨سەرۆکی فەرەنسا و شای بەلجیکا ئامادە دەبن. کەواتە وەرزش خەبات و سیمبۆڵی نەتەوەیی گەشتتر دەکات و سیاسەتێکی ئاقڵانەشە.

٢٠١٨/٧/١٢

ـ شاگەشکەم بەوەی دەوڵەتی ئینگلیز کە سەدساڵ زیاترە،داری داوە بە ڕۆحی کورد دا،ئەمشەو بەدڵشکان و دۆڕاوی لە مۆندیال ٢٠١٨، دەرکرا.

**_بەشی دووەم_ / چەپکێ لە وتە و پۆستەکانم لە ڕیفەڕاندۆمە و تا ساڵوەگەردی ڕیفەڕاندۆم**

بەشی ٣ ـ ٣

٢٠١٨/٧/٣٠

من مرۆڤم هێندە لا پیرۆز و باڵایە،ڕەزامەندم بەهەر سزایەک"جگە لە کوشتن" بۆ تاوان و گوناهەکانی ،کەبەرامبەر هاومرۆڤ و زیندەوەر و سروشت دەیکات!.

٢٠١٨/٨/٤

هەزاران جاری تریش هەوڵ بدرێ عێراق دروست بکرێتەوە! لە تەشتە قوڕە تازەکەی هەرگیز مەحاڵە! گەل و سیستەمی دیموکراسی و ئارامی ئاسایش و پێشکەوتن، دروست بکرێ بێتەکایەوە. دەبا چیدی خۆمان و جەماوەر و نەخەڵەتێنین.

٢٠١٨/٨/٨

ئەوەی دەیەوێ خۆیی و ئابرووی میللی و کوردبوون رزگار بکات، لە گەرەلاوژێ و گاڵتەجاڕیی حیزبی کوردیی، دەبێت بێ چەندوچوون باوەڕی بە سەربەخۆیی و بوونە دەوڵەتی کورد هەبێت، وەک تاکە ئەڵتەرناتیڤیک.

ـ لە کوردستان لە لایەن حیزبەکانەوە، ساڵانێکە شانۆگەری نەزۆک نمایشت دەکرێت و جەماوەرە کۆمبارسەکەشیان، هەر خەریکن بە نینۆک چەپڵە لێدەدەن . یاران چ کارەساتێکە!؟.

ـ کۆماری ئیسلامی ئێران ٤٠ ساڵە سەرگەرمی کوشتن و برین و کێشانی نەخشەی جەهەنەمی و پلانگێڕییە دژی دەوروبەرەکەی! بەتایبەت کورد. واخەریکە مارەکەی شێخ هۆمەر لە ملی خۆی دەئاڵێ.

ـ بێ بوونی دەزگای دەوڵەت،لەژیان و جیهانی سیاسیدا بێبەشین لە ئاڵا و سروود و دراو و جەژن و هونەر و ئەدەب و هەڵپەرکێ و دیکۆمێنت و یونیفۆرم و خواردن و زۆر بەهای تری نەتەوەیی.

ـ هەتا بازاڕی حیزبایەتی لە کوردستان دا لەدەرەوەی دەوڵەتی کوردستان گەرم و لەگەڕدا بێت، گەندەڵ و مشەخۆر و خۆفرۆشەکان ڕۆژە تاریک و ناشرین و ئازاراوییەکان درێژە پێدەدەن و داگیرکەرانیش پشتیوانیان لێ دەکەن.

ـ کورد هەزار حکوومەتی وەک ئەوەی ئێستای باشووری هەبێت،هەر نەگەیشتۆتە ئامانجە نەتەوەییەکان، چونکە خەبات بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی هەر بەردەوامە.

ـ کوردبوون هەموو شتێکمان لێ دەخوازێ جگە لە کەمتەرخەمی و ناپاکی.

ـ چەند ڕقی پیرۆز و ئەستوورم بەرامبەر بە داگیرکەری تورک و فارس و عەرەبە، هەزار هێندە نەفرەتم ئاراستەی کۆلۆنیالیستی ئینگلیزی و فەرەنسییە، لەبەرامبەر ئەو دۆخەی کوردیان تێ ترنجاندووە.

٢٠١٨/٨/١٠

ـ لە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا،بەردەوام خۆپیشاندانە، کەچی تا ئێستا کەسێکمان نەدی لەمسەری ڕاستەوە تا ئەوپەڕی چەپ ئاڵای دەوڵەتەکەی خۆی بسووتێنێ. بەڵام ئێوەی زۆڵەکوردی نەگریسی پەروەردەی دەستی خۆفرۆش و شەیتان، سووکایەتی بە ئاڵای نەتەوە و خاک و شۆڕش و خەبات و قوربانییەکانی کورد و کوردستان دەکەن و بۆ هیچ سووتانتان؟.

٢٠١٨/٨/١٤

ـ ئیدی سەردەمی ئەوە هاتووە کورد چاوی وەک سیزیف هەر خەریکی سەرخستنەوەی بەردەی خلۆربووەوە نەبێت، بەڵکو بەردەکە بەیەکجاریی بگەیەنێتە سەر لووتکە.

ـ دەوڵەتانی عێراق و سوریا بەهەر جۆر و نرخێک بێت شەپگیر و ئیفلیج بوون و ناوەندیان نەماوە، گەر تورکیا و ئێرانیش هەمان سیناریۆیان بەسەردا جێبەجێ بێت! ئەوە سەدەی ٢١ دەبێتە سەدەی کورد.

٢٠١٨/٨/٢٥

ـ هەر کار و چالاکییەک بۆ کورد و کوردستان بێت، یاخود کۆمەڵایەتی بێت، ئەندامی پارتە کوردیی و کوردستانییەکان،گەر حیزبی خۆیان فەرمانیان پێ نەکات،ناتوانن بەشداربن و دژیشی دەوەستنەوە. تەنانەت گەر چالاکییەکە لە بواری هونەر و ئەدەبیشدا بێت.

گەڵۆ!! حیزبی کوردی، بۆتە کارخانەی دروستکردنی ڕۆبۆت و خوڵقاندنی ئەندامی بێ هەست و گیان و هەڵوێست! واتە تاکی کوردی زاتکوێر و خەسیو!.

٢٠١٨/٨/٢٧

ـ ئێران بەم گەمارۆدانە هێندە شپرزە بووە. بە پشتبەستن بە برگەیەکی ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٥٥ی شاد لەگەڵ ئەمەریکادا،دەیەوێ لە دادگای نێو دەوڵەتی Den Haag گازندەیی لەسەر ئەمەریکا تۆمار بکات. واتە مێرووله, گەرەکێتی پاشقوول لە فیل بگرێ!.

ـ ستراتیژی حیزب لە باشووری کوردستان لەم چوارچێوە کلاسیکییە زڕە دەرناچێ:

بەغدا لاواز بێت،بەفریایەوە دەچن(انقاذی)دەکەن.

بەغدا بەهێز بێت،دەیرووخێنن(اسقاط)ی دەکەن.

پەکووووو لەو ......................!!!

ـ پێویستە کام وانە لە ناپاکییەکانی ٦٦ و ٣١ی ئاب و ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە فێر بین؟ ئەی چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو ناپاکییانە،هەرگیز دووبارە نەبنەوە؟.

٢٠١٨/٩/٥

ـ هەوڵەکانی حیزبی کوردی بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە لە بەغدا و ململانێی دابنانی سەرۆک کۆماری عێراق،لەڕوانگەی کوردبوونەوە دەچێتە خانەی درۆی گەورەی کوردایەتی حیزبەکان و ڕەنج بەخەسارچووی ساڵانی ساڵ خەبات و بەناو شۆڕشیان!.

ـ وەک ڕیاڵ پۆلەتیک بۆئەوەی ناوەند هەر شپرزە و پڕ لە گرفت و کێشە بمێنێتەوە،دەتوانن سیاسەتی قوونەقوونە بکەن لەتەک بەغدادا و چ خاڵێکی لاوازیش نەدەن بەدەستەوە و کارت کوردیش لەدەستیان دا بەهێز تر بکەن.

ـ دان یاخود وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار لەلایەن حیزبێکی کوردییەوە، واتە قوفڵکردنی ڕێی سەربەخۆیی کوردستان، بەمیکانیزمی خۆماڵی کوردیی.

ـ کورد دەڵێ: یەکجار بەزستان دەووترێت سارد و داری زڕ نایەتە بەر. ئەزموونەکان هەزاران جار پێیان وتووین، عێراقی ئاغای ئینگلیز هەرگیزاو و هەرگیز نابێت بە نیشتمانمان و چ جارێک تاکی کورد بە سەربڵندی و ڕومەتەوە ناتوانێ لەسایەیدا بحەسێتەوە و بە ئارامی بژی.

ـ عێراق کاڵاوێکی بابردووە و تاکوێ و تاکەیی و لەپێناوی چیدا؟حیزبی کوردی هەر دوای دەکەون و هیوای خۆیانی لەسەر هەڵدەچنن!.

ـ هەر تاکێکی هۆشیار و کەسایەتیی ڕۆشنبیرێک لەسەر واقیعی تاڵی کوردستان قسەی نەبێ چاک وایە چەشنی مەیموونەکە لەشەرماندا، چاوی خۆی بگرێ و دەمی خۆی داخات و گوێی خۆی بئاخنێ و وەک مرۆڤیش هزریی بسڕێتەوە و قەڵەمەکەی بشکێنێ و خۆی سڕ بکات.

٢٠١٨/٩/٦

ـ باشترین دەرمانی دەردی کورد یەکگرتن و خەباتی سەربەخۆیی و ئامانجی بوونە دەوڵەتە.

ـ هیچ مافێکی نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆیی و دیموکراسیت و تەنانەت ئابووری تاکی کورد بێ بونی دەوڵەتی نەتەوەیی فەراهەم نابێت.

ـ ئێستا باشتر لە جاران تێگەیشتووم مەخابن تەنها نوسینێک رەواجی هەیە سیخناخ بێت بە جنێودان و بوختان داتاشین و بریندارکردنی زاتی کەسەکان . من نەک هەر خۆم لە پەرێزی ئەم شێوازە نادەم، بەڵکو هەرگیز باوەڕم بەو ڕەفتار و چوونە ئەو ئاستە نییە.

ـ مادامێکی هەموو سەرنشینی پاپۆڕێکین لەناوەڕاستی دەریادا،پێویستە هاوکار و پشتی یەک بگرین و یەکترمان خۆش بوێ،ئاخر هەموو لەبەردەم یەک چارەنووسداین،خنکان یاخود گەیشتنە کەنار.

ـ ٢٠١٨/٩/٩

ـ داگیرکەران و دوژمنانی کورد هەمیشە بێدارن،کورد بە پێچەوانەوە بەردەوام خەوتووە. کارەساتی کۆیە وەک نموونە.

ـ یەکگرتنەوەی حیزبە لەتبووەکان و پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڵامدانەوەیەکی بەجێی کارەساتەکەی کۆیەیە و بەجێگەیاندنی ئەرکێکی نەتەوەیی و سیاسی گرنگیشە.کورد بە یەکگرتوویی بەهێز و شاد دەبێت و دوژمن دەتۆقێ.

٢٠١٨/٩/١٢

ـ چەپکێ سڵاوی کوردانەی گەرم و خۆشەویستی بۆ مانگرتووانی ئەمڕۆی شاروشارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتم. جێی شانازیی و هیوای دوارۆژ و کەرسەی خاوی خەباتێکی بەرهەق و ڕەوان. سڵاوی باکوور و باشوور و ڕۆژئاواتان پێشکەش بێت،ئەی ئەوانەی کۆماری پەت و سێدارەتان تۆقاندووە.

ـ ئەگەر بێت و پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای ئەم هەموو مەرگەسات و هەڕەشانە یەک نەگرنەوە و بەرەیەکی کوردستانی پێک نەهێنن ئەوە خۆشیان موشەکبارانی خۆیان دەکەن و گۆڕ بۆ کورد هەڵدەکەنن.

ـ خوێندنەوەی مێژووی کورد یەک پەند و وانەمان دەداتێ،یەکگرتن و یەکگرتن و یەکگرتن.واتە یەک بەرنامەیی یەک ئامانجی و یەک سەنگەریی و یەک بازوویی و یەک ڕێگایی و گرتنەبەری شارێی سەربەخۆیی.

ـ کوردبوون چەمک و هزر و مانا و ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە.داگیرکەرچێتی هەڵوێست و ڕێگایەکی ناپاکییە. قبوولکردنی بندەستی واتە هەڵبژاردن ی ژیانی نامرۆڤبوون و کۆیلەیەتی.

ـ ئەوانەی دوای مردنیش هەر زیندوون،ئەوکەسانەن کە بۆ نەتەوە و خاکی خۆیان خزمەتیان کردووە و بە مەردی ژیاون.

ـ کوردسناسی/ خۆناسی و دوژمنناسی بابەتێکی گرنگی هاوکێشەی سیاسی و بنەمایەکی سەرەکی پەروەردەی نەتەوایەتین. فەرامۆشکردنی ئەم ڕاستییە بەڵگەنەویستە،خۆگێلکردن و ڕاکردنە لە ڕاستییە مێژوویەکان.

٢٠١٨/٩/١٨

- حیزبەکانی باشووری کوردستان بەهۆی دووركەوتنەوەیان لە بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد، نقووم بوون لە گەندەڵی و شەڕی بەرژەوەندی ی و بێبەهاکردنی دۆزی نەتەوایەتی و چەند بوونەتە داڕزاو و دۆراو ی مەیدان و ریسوای بەردەم مێژوو لە ڕۆژانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دا هاشووهووشی و ڕەشەبای درۆکانیان هەزار هێندەی تر خۆیان (ناشیرین و بێزراو) تر دەکەن.

- هەرچی سەر دێنم و سەر دەبەم، ئەکتەرە ڕاستەقینەکانی هەڵبژاردن بە پرۆژە و بەرنامەوە نابینم. تومەز ئەکتەرە سەرەکییەکان هان لە پشت پەردەوەی شانۆکەوە. بەداخەوە زۆربەیان داگیرکەرانی کوردستان ئێران بە پلەی یەکەم.

٢٠١٨/٩/١٨

- هەڵبژاردن بۆچی و لەپێناوی چێدا و بۆ چ ئامانجێک؟ دادۆشینی سامانی وڵات و گەرمکردنی کۆڕی لێکدژەکان و چەلەحانێی بێبرانەوە و قوڵکردنەوەی جیاوازیی و ناکۆکی و دژەکان؟ یاخود یەکخستنی گوتاری نەتەوەیی و سەرخستنی پرۆژەی سەربەخۆیی و ڕازیکردنی ڕەش و سپی کوردستان و بەکوردایەتیکردن!.

- نمایشتکردنی هەڵبژاردن لە کوردستان هەم نەزۆک و هەم هێڵجهێنەرە ئاخر حاڵ لێهاتنی دەروێش و ڕۆبۆت، هەرگیز تامی گۆڤەندی سەربەخۆیی و مرۆ ڕاستگۆکان نادات.

- حیزبەکانی کوردستانی چونکە خاوەنی پرۆژە و ئامانجی سەربەخۆیی رزگاریی نەتەوەیی نین سەرگەرمی بەزاندنی هەموو سنوور و بەهاکانن! لە زەمکردن و هێرش بردن و بریندارکردنی یەکتردا. مێژوو نیشانی داوە کارکردن بە میکانیزمی ئەم ئەقڵێتە کوشندە وای کردووە دەرئەنجام هەمیشە هەموو هەوڵەکان بڕژێنە ناو ئەستێڵکی داگیرکەرانی کوردستانەوە.

- زۆرینەی هەرە زۆری نەهامەتیی و کوێرەوەریی و تراژیدیانی کورد لە نەبوونی دەوڵەتەوە شین بوون. کەواتە بێ بوونە دەوڵەت چ گۆڕانکارییەککی راستەقینە ڕوو نادات.

- یاران کوردستان کراوە بە چ گاڵتەجاخانەیەک؟!

٢٠١٨/٩/١٩

- بە چەقەنەیەک حیزب دروست دەکرێ و هەرچی قسەی جوانە دەیکاتە دروشمی خۆی لەسەرەوە بە عیوێک خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و دەچێتەوە جێی جارانی خۆی.

- بەرهەم ساڵح، بەگەندەڵییەکەی خۆیەوە شەڕی گەندەڵکارە گەورەکانی لە کوردستان بکات،گەلێ ئابڕوومەنترە لەوەی خۆی بکاتە یەکەم سەربازی پاراستنی عەرشی عێراقی.

- کورد چەن سەنگی قورس بێت لە بەغدا، هێندە فرسەخ لەسەربەخۆیی دوور دەکەوێتەوە.ئەم گەمە سیاسییەی ئێستا لە پێناوی کورسی سەرەک کۆماردا دەکرێت،هەر بۆ بە شەکر خنکاندنی کوردە.

- مەحاڵە کەس بتوانێ لە بەغداوە خزمەتی ڕاستەوخۆی کوردستان کێشەکانی بکات.لە بەغدا دەبێتە گاڵتەجاڕیی کوردستان و عێراق و جیهانی عروبە. نموونە......!!.

٢٠١٨/٩/٢٠

لەمێژە پێم وایە چرکەساتی ئەوە هاتووە،جەماوەر/ میللەت هێڵێکی سووری تۆخ بکێشێ لە نێوان خۆیی دەسەڵاتی گەندەڵ و نیشتمانفرۆشان و گاڵتەجارەکانی سیاسەتی کوردی دا. ئەگەر نەڵێ نا و نابێ و ئیتر بەسە، ئەوا خراپتری بەسەردا دەهێنن و کارەساتی ترسناکتر ها بەڕێوەوە.

- گەر کورد خاوەنی دەزگایەکی فەرمی بوایە. بۆ نموونە کۆنگرەی نەتەوەیی، ئەنجوومەنی نەتەوایەتی یاخود پەرلەمان، وەک ناوەندی سەرەکی بڕیاڕی سیاسی و دیاریکردنی ستراتیژی خەبات و کێشانی سنووری ئاسایشی نەتەوەیی و ڕێگری لە بەزاندنی بنەما و بەهاکانی کوردبوون،ئەوا لە ناوەوە تۆکمەتر و لە ڕووی دەرەوەش دا بەهێزتر دەبوو.

٢٠١٨/٩/٢١

- هەر پلە و پایە و دەستکەوت و بیرکردنەوە و دروشم و سیاسەت و چالاکی...و هتد،OKAY ،دوژمنان و داگیرکەرانی لەسەر بوو،ئەوە جێی گومان و ترسە.

ـ پۆستە باڵاکانی عێراق هیچی پشکی کورد و حیزبەکان نییە، بەڵکو داشی دەستی ئەندازیارانی پاراستنی سنووری یەکێتی دەوڵەتە زۆڵەکەکەی عێراقە.

ـ حەسەن عەلەوی دەڵێ: کاتێ زانیم ئەمەریکا بەڕاستی لە عێراق دەدات و ڕژێمی سەددام دەڕوخێنێ،لەگەڵ سووریا و ئێران و سەرۆکانی عەرەب قسەم کرد، بۆپاراستنی عێراق داوام لێکردن، کوردێک بکرێتە سەرۆک کۆمار. مەسعوود بارزانی یان مام جەلال تاڵەبانی.

٢٠١٨/٩/٢٢

من وەک کورد و مرۆڤ و ئازادیخوازیش نەبم، ڕۆبۆتێکی ئاساییش بم و جۆش و خرۆشی کەرنەڤاڵی نەتەوەکەم بۆ سەربەخۆیی هەر دەبیزووواندم.

٢٠١٨/٩/٢٤

لە نێو پانۆرامای مێژووی ڕاپەڕین و شکستی کورد دا، ڕووخانی میدییەکان، کوشتاری دەرسیم و لەسێدارەدانی پیران و سەید ڕەزا و پێشەوا و شەهیدکردنی قاسملۆ و شەرەفکەندی سەری خوێناوی و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال و کۆبانی و جەزیرە و عەفرین...هتد گەشترین ڕۆژە پیرۆزەکان: ١٥,٥,١٩٤٥ ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و٢٥,٩,٢٠١٧. ڕۆژی ڕیفەڕاندۆمی سەربەخۆیی کوردستان.

ـ هێندەی هەموو ژمارەی شەهیدەکانی کوردستان، زیندانە سیاسییەکان ڕاگوێزراوەکان، بەناکوردکراوەکان، خەونەکانی ٦٠ ملیۆن مرۆڤی کوردو پانتایی ٥٠٠هەزار کم٢ کوردستان و قوڵایی هەزاران سەدەی تژی لە کوێرەوەریی لەژێر لێوەوە بەڵێ بۆ ڕیفەڕاندۆم و بەدەنگی بەرز هاوار بۆ سەربەخۆیی و هەموو باوەڕیکەوە ئەرێ بۆ بوونە دەوڵەت،وەک تاکە چارەسەری هەتاهەتایی.

ـ ئەوانەی دژی سەربەخۆیی کوردستانن، با بچن مەدالیای خەڵاتەکەیان لە بەغدا و ئەنقەرە و تاران و دیمەشق و لەندەن و شوێنگەلێکی تر وەرگرن.